دەستگیرکردنی حەوت گەشتیار لە فڕۆکەخانەی کەرکوك

لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی کەرکوك حەوت گەشتیار دەستگیرکران کە هەڵگری پاسپۆرت و ڤیزای ساختەبوون و ڕادەستی پۆلیس کران.

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری نشینگە لە فڕۆکەخانەی کەرکوك لە ڕاگەیەنراوەکدا باویکردەوە، ئەو حەوت کەسە لەلایەن مەفرەزەکانی بەشی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری نشینگە لە فڕۆکەخانەی کەرکوك دەستگیرکراون.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دووان لەدەستگیرکراوەکان هەڵگری پاسپۆرتی ساختەی دەمینیکا بوون، سیانیشیان ڤیزای ساختەی ئیتاڵیا و ئەمانیایان بەکارهێناوە و دوو هاوڵاتی سوریش دەستگیرکراون کە بەهەمان شێوە ڤیزەی ساختەی ئیتاڵیایان پێبووە